# قواتی بەدر دەستکردی جمهوری ئیسلامی ئیرانەو
# ئەبیت لەعێراقدا هەلپێچرێت!

**نوری بەشیر**
n.bashir3@tiscali.co.uk

2005/6/8 **قواتی بەدر گۆنگرەی دوەمی خۆی بەئاشکراو بەحزوری زۆریك لەهیزە قەومی و ئیسلامیە عەرەبەکان و بەئیزافەی جلال تالەبانی – سکرتیری یەکیتی نیشتمانی کوردستان و رەئیس جمهوری حکومەتی کاتی عیراق دەبەستیت، بەجیا لە پیاهەلدانی جلال تالەبانی بەسەر ئەو هیزە کۆنەپەرستە ئیسلامیەی دەستکردی جمهوری ئیسلامی ئیران، حکومەتە کاتیەکەی جەعفەری جەلال، داوا دەکات کەهیزی بەدر بەشداری لە پرۆسەی ئەمنیەتی عیراقدا بکات!**

**داواکردن لەهیزی کۆنەپەرست و هەتا تیرۆریست و سەرکوتی بەدر بۆ جیخستنی ئەمنیەت لەعیراقدا چ دەلالەتیك لەحکومەتە کاتیە دەستکردەکەی ئیستای ئەمریکا دەدات بەدەستەوە، ئایندەی خەلك لەژیر سایەی حکومەتێکی کاتی لەم جۆرەو ئەو هیزە رەنگاو رەنگە ئیسلامی قەومیانەدا بەرەو کوی دەبات:**

## قواتی بەدر، دەستکردی جمهوری ئیسلامی ئیران و هیزی سەرکوتگەرە لەعیراقدا

**قواتی بەدر لەکاتی شەری عیراق وئیراندا لەلایەن جمهوری ئیسلامی ئیرانەوە دروست کراو زۆریك لەئەسیری جەنگ و خەلکانیك لەجەهەنمی رژیمی بەعس رایان دەکرد بەرەو ئیران، جمهوری ئیسلامی ئیران بەزۆر لەریزی قواتی بەدردا دایدەنان و ئەوکات مەجلیسی ئەعلای ئیسلامی عیراق، وەك ئەلقە لەگویەکی جمهوری ئیسلامی لەئیراندا و پاش ئەوەی جمهوری ئیسلامی باش ریکی خست دلنیا بوو لەگوی لەمستی بۆ سیاسەتەکانی، قواتی بەدری تەسلیم کرد، بەدوای روخانی رژیمی بەعسدا نەك تەنیا ئەم هیزە گەرایەوە، بەلکو بەدەیان هەزار لە پاسدارانی جمهوری ئیسلامی ئیرانیان لەگەلیدا بەناوی قواتی بەدرەوە ئاودیوی عیراق کردو یەکەمین هیرشەکانیان بەهاوشانی هیزە کۆنەپەرستە ئیسلامیەکانی تری لەچەشنی صدر بۆسەر مەدەنیەت و سکولاریەتی کۆمەلگا بوو، لەچەشنی هیرش بۆسەر ژنان و بەزۆر حجاب کردن و زواجی متعەو سوتانی سینەماو صالۆن و مشروب فرۆشی و تا دواین هیرشەکان بۆسەر زانۆکان و لەوانە زانکۆی بصرە و تیرۆری کەسانی رادیکال و کۆمۆنیست، تا دەگاتە دزی و جەردیی و راوو رووت... ئەمە قواتی بەدرەو روتیکردنی دەولەتی کاتی جەعفەری جەلال بۆ ئەم هیزە چ دەلالەتیك دەدات بەدەستەوە؟**

## رۆشنی شکستی هەرلەسەرتاوەی حکوکەتی کاتی جەعفەری جەلال

بەدوای دووسال لەحزوری هیزەکانی ئەمریکا لەعیراق و داروخانی بنەمای ئابوری و مەدەنی کۆمەلگاو دروستکردنی شەریکی تیرۆریستانە لەنیوان خۆیان و لایەنگرانیان لەلایەك بەحکومەتی کاتی ئیستاو هیزە ئیسلامیە تیرۆریستیە رەنگاو رەنگەکان لەلایەکی ترەوە، وە نەهیشتنی هیچ جۆرە ئەمنیەتیك بۆ خەلکی، وە هەموو هەولی ئەمریکا بۆ تەشکیلی حکومەتی عیراقی دەستکردی خۆی بۆ ئەوەبوو لەژیر شکستیك دەرچیت کەتووشی هاتوە لەعیراقدا، وە بەدوای چەند مانگ لەحکومەتە کاتیەکەی دەستکردی ئەمریکا هیشتا چ بۆ حکومەتی کاتی و چ بۆ ئەمریکا و چ نیگەرانی خەلك لەوەیە کەئاسۆیەك بۆ جیگیری ئەم حکومەتەو ئەمنیەتیك لەعیراقدا نیە!! ، بەتاییەت کەحکومەتیکی کاتی لەسەر ئەساسی ئیتفاقاتی ئەحزابی قەوی و دینی کۆنەپەرست، ئەمریکا دروستی کردوە، کەهەریەکەیان خەریکی فرت وفیل و پاشقول گرتنە لەوی کەیان بۆ قازانجی خۆی، حکومەتیکی کاتی کە رئیس جمهورەکەی ملیۆن هەنکاو دورە لەوەی کەعیراقی بیر بکاتەوەو بۆ تەنیا لەحزەیەکیش خەیالی لای خەلکی عیراق و ئایندەکەی بیت، بیجگە لەشەریکە بەشی حکومەتی سەرکوتی عیراقی و دابەشکردنی خیروبیری کۆمەلگا، حکومەتیکی کاتی کەرئیس وزەراکەی مەلایەکە بەجلی مەدەنیەوە تەنیا بۆشوین پی خۆشکردنو گرتنی دەسەلاتی ئیسلامی شیعەوەیە لەعیراقدا... حکومەتیك ئەمە پایەو ئاسۆکانی بیت، بیشك سەرەتاکەی رۆشنە کەشکست بەشیەتی بەو دەلیلەی کە ناتوانیت وەلامدەرەوەی خوستەکانی خەلك بیت جگە لەسەکوت و برسیتی، کەئاسۆی حکومەتیکی وا ئەگەر بالی قەومی عەرەبی دەسەلاتداربیت ئەوە حزبیکی بەعسی ترو سەرانیکی تری وەك صدامو عەلی کیمیایی دورستدەکات، ئەگەر بالی مەزهەبی تیا دەسەلاتدار بیت ئەوا نمونەکەی جمهوری ئیسلامی ئیران دەبیت، کە ئەوکاتیش جلال تالەبانی و هاوچەشنەکانی دەبیت یان بەهەموو شتیك رازی بیت لەژیر دەسەلاتی حکومەتانیکی لەوچەشنە یان ئەبیت خۆیان بپیچنەو بەرەو باوەشی دەولەتانی ناوچەکە برۆن و شکستیکی گەورەی کە توشی خەلکی کوردستان بکەن.

حکومەتیکی ئاوا کەهەر لەسەرتاوە لەسەر شکستی سیاسەتی نەزمی خوینینی ئەمریکا لەعیراقدا دروست بوە، لەسەر ئەساسی ئیتفاقات و کورسی دابەشکردن دروستبوە، لەسەر ئەساسی کۆکردنەوەی کۆنەپەرسترین هیزی ئیسلامی و قەومی دامەزراوە، لەسەر ئەساسی درۆو چالهەلکەندن بۆ یەکترو دابەشکردنی سەروەت وسامانی خەلکی عیراق پیکهاتوە، حکومەتیك کەسیاسەتی شەرخوازانەو زلهیزی ئەمریکا دروستبوەو لەبەرنامەی حکومەتیکی ئاوادا جەماوەری خەلکی عیراق و کوردستان و باقی خەلکی کەمایەتی شتیك نیە تەنها ئامرازی جیگیرکردنی دەسەلاتی حکومەتیکی ئاوایە کە پیشەکەی لای رۆشنە ناتوانیت ئەمنیەت لەعیراقدا دابین بکات، ناتوانیت ژنان لەژیر سایەی حکومەتیکی وادا کائینیکی فعال و چارەنوسی کۆمەلگا دیاری بکات، منال لەحکومەتیکی وادا ئەبیت قوربانی دەسەلاتەکەیان بیت، حکومەتیکی ئاوا تەجروبەی 14 سالی دەسەلاتداریتی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی هەیە لەساوایی دەسەلاتداریتی و سەرکوتی کەساسەتی وئەحزابی کۆمۆنیست و رادیکالی کۆمەلگا و تیروری ژنان، وە هەمیشە قیاسی باشی خۆیان بەرژیمە هارەکەی صدام دەکەن.

حکومەتیکی کاتی وا کەدەیەویت شکستی ئەمریکا بەسەرکەوتن راکەیەنیت، کەدەیەویت دەسەلاتداریتیەکی صدامی کە لەحکومەتیکی قەومی عەرەبی و دەستوری ولات ئیسلامی بیت دامەزرینیت، ناتوانیت ئیعتماد بکاتە سەر هیزی جەماوەر بۆ جیگیرکردنی دەسەلاتەکەی و ئەمنیەتی عیراق، تەنها بەهینانەوەی هیزە کۆنەپەرستە ئیسلامیەکانی

وەك قواتی بەدرو هێزەكانی صدرو بانگەواز بۆ گەرانەوەی هێزە تیروریستەكان و خۆیان ناوی مقاوەمەتیان دەدەنێ. حكومەتە كاتیەكەی جەعفەری جەلال بۆیە روو دەكاتە ئەم هێزانە بۆ دەولەتی ئایندەی عیراق، لەبەر ئەوەی هێزی سەركوتی خەلكی عیراقن و تەنیا هێزی پاریزگارە لەدەسەلاتی ئایندەیان.

## ریگا چارە چی یە؟

بۆ ریگا گرتن لەچارەنوسیكی رەشتر و خویناویتر، ریگا گرتن لەدەولەتیكی سەقامگیری سەركوتی قەومی و دینی، ریگا گرتن لەهینانی هێزەكانی قواتی بەدرو صدر ( كەهینانی ئەمانەو دەسەلاتیان، هینان و دەستگرتنی هێزەكانی جمهوری ئیسلامی ئیران و حزب اللەی لوبنانە بۆ عیراق )، هاتنە مەیدانی هێزی خەلكی عیراق و كوردستانە، هێزی خەلك ئەبیت لەدەوری ریگا چارەیەك كۆبیتەوە كەبۆ یەكجاری كۆمەلگا لەسەرگەردانی ئەمرۆ نەجات ئەدات، ئەبیت لەدەوری هێزیك كۆبیتەوە كەتەنیا بەدیلی كۆمەلگای عیراقە بۆ دەرچون لەوەزعیتی ئیستاو چارەنوسیكی رەشتر و حكومەتی كاتی قەومی عەرەبی و ئیسلامی عیراق، كە هەر ئیستا ئەو هێزەو ئەو ریگا چارەیەو ئاسۆكانی مەوجودە ئەویش هێزەكانی ( كۆمۆنیزمی كریكاری و كۆنگرەی ئازادی عیراق و ریكخراوی ئازادی ژن ) ە، بەرابەرایەتی حزبی كۆمۆنیستی كریكاری عیراق، ئەبیت بەهێز بكریت.